## سەرانی کورد خەریکن سیستەمی پەنجا بە پەنجاش توشی حکومەتی عێراق دەکەن ... پارێزەر رەفعەت هەڵەبجەیی



بڕوا ناکەم هەموو سیاسەت مەدارانی دونیا تەنانەت فەیلەسوفەکانی بواری سیاسەت بە قەد دوو سەر کردەکەی کوورد داهێنەر بن لە بواری سیاسیدا، هەر سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ ئەگەر بێت و گوێ نەداتە ئیرادەو بەرژەوەندی باڵای نەتەوەکەی، ئەتوانێت چۆنی بوێت داهێنانی نوێ بهێنێتە ناو سیاسەتەوە هەروەکو ئەمڕۆ لە کوردستانی باشوردا بە چاوی خۆمان دەبینین. ئەوە تەنیا لە سەر کردەی کوردا هەیە کە دەرس لە ڕابووردو وەر ناگرێت.

لە قۆناغی شۆڕشی شاخ دا زیاتر لە دە ساڵ شەڕی ناوخۆیان کرد دواتر بەرەی کوردوستان دروست کرا نەوەك لە بەر بەرژەوەندی گەلی کوورد بەڵکو لە بەر بەرژەوەندی ئیران کە هەر خۆشی داهێنەری بیری ئەو بەرەیە بوو کە ئەو کاتە لە گەڵ عیراق شەڕی ئەکردو ئەیویست ناوچەی کوردستانی وەکو بەرەیەکی شەڕ بۆ پارێزراو بێت، کەچی کە ڕاپەڕین بوو حکومەتی کوردی پەنجا بە پەنجای دوای هەڵبژاردن درووست بوو. دوو ساڵی نەخایاند جارێکی تر هەمان شەڕی ناوخۆیان دروست کردەوە کە چەند ساڵێکی خایاند. بە پێی نوێترین زانستی سیاسی سەردەم دیموکراسی مۆدێرنترین سیستەمە بۆ پیادە کردنی دەسەڵات. کەچی دەسەڵاتی کوردی دیمۆکراتیشیان کلک و گوێ کردووە.

ئەوان لە کوردوستان بڕوایان بە هەڵبژاردن نیەو بە هیچ شێوەیەك ئەنجامی دەنگدانیشیان قەبووڵ نیە متمانەشیان بە یەکتر نیە. پەرلەمانی تەمەن 12 ساڵە لە هیچ سیستەمێکی سیاسی دونیادا نەبووە کەچی سەرانی کورد لە کوردستاندا دایان هێنا.

هەر پەرلەمانێك لە دوونیادا ئەگەر بێت و معارچەی تێدا نەبێت ئەو پەرلەمان و دەسەڵاتە سیاسیە مەحکومە بە ڕوخان (الغشل) کە قەدەر خستونیەتە ئەوێ. کە زیاتر لە دیواخانێك دەچێت و ئاغا بڕیار دەردەکات و پیاوەکانیشی تەنیا بەڵێیان لە سەرە.

ئەو هەموو گەندەڵیە سیاسی و ئیداری و ئابووریە هەیە یەك ئەندام پەرلەمان وورتەی لێوەنایەت چونکە دەسەڵاتی ڕەخنەیان نیەو تەنیا ئیش و کاریان دەست بەرزکردنەوەیە بە بەڵێ بۆ ئەو فەرمانەی لای هەردوو مەکتەبی سیاسیەوە دەردەچێت. کە ئەوە ئافاتی سیاسی دەسەڵاتە

کارەساتەکە لەوەدایە کە وا ئێستا (حەکیم و پیاو ماقوڵ و ناوبژیوانی) کوردن کۆمەڵگای کوردیان گەندەڵ و بۆگەن کرد ئەیانەوێت حکومەتی عیراقیش گەندەڵ بکەن کە لەمەیانا من دەست خۆشیان لێ ئەکەم چونکە تەنیا حکومەتێکی نەخۆش و گەندەڵ و دارماو لە عێراقدا لە بەرژەوەندی کورددایە ئەوەش مێژوی ڕابووردی عێراق بە ڕوون و ئاشکرا ئەوەی سەلماندووە چونکە هەر کاتێك حکومەتی بە هێزوو یەکگرتوو لە عێراقدا هەبێت بە سێ و دوو پەلاماری هەرێمی کوردوستان دەدات. سیستەمی (تەوافق کە داهێنەرەکەی سەرۆکی عێراقە) نەك هەر حکوومەت و دەسەڵاتێکی بە هێز درووست ناکات لە عێراقدا بەڵکوو وەك و پەنجا بە پەنجاکەی هەرێمی کوردوستانە بەڵام بە شێوەی (محاصەصە) یانی هەر گرووپەو بەشی خۆی وەربگرێت لە دەسەڵات.

ئەو کاتە هەرگروپەو بەشە نەسریەو برە پارەی خۆی لە داهاتی نەوتی عیراق وەردەگرێت و دەم کوت دەبێت و جەماوەر یش باسیربخواو زورنا لێ بدات کەسیش نیە لە ناو پەرلەماندا نەیار (**معارضە**) بێت تاکو نوێنەری جەماوەر ی ستەمدیدەو هەژار بێت ئەو کاتە کۆمەڵگای عێراق دەبێتە کۆمەڵگایەکی گەندەڵ لە هەموو بوارەکانداو هیچ لایەنێکیش ناتوانێ رەخنە لە دەسەڵات بگرێت چونکە هەموویان بەشدران لە دەسەڵاتداو هەر گروپ و لایەنێك بەرپرسە لە بەشێك لە گەندەڵیەکان.

بەڵام هەموو بۆچوونە سیاسیەکان پەنجە بۆ ئەوە رائەکێشن کە حکومەتی داهاتووی عێراق حکومەتێکی لاوازو دارماو دەبێت چەنکە لە سەر بنەمای مەزهەبی و تایفە گەرایی دروست دەبێت و دوورە لە هەموو بەرژەوەندیەکی نیشتیمانی...